# هەمووومان لە کوشتنی دوعا بەرپرسیارین

## تامان شاکر



شۆرش و راپەرینەکان بەردەوام گۆرانکاری لەگەڵ خۆیان دێنن و مەرج نییە هەموو ئەو گۆرانکاریانەش باش بن ، لە ئەنجامی شەڕی ناوەخۆ ململانێی حیزبایەتی لە کوردستانیش دوای راپەرین کۆمەڵێك دیاردەی سەیرو سەمەرە سەری هەڵدا گەندەڵی ، ناعەدالەتی کۆمەلأیەتی، ئیسلامی سیاسی، دارمانی ژێرخانی ئابووری، ونەبوونی سیستەم و یاسایەك کە ماڤ هەمووان بپارێزێت،لە هەمووشیان ڤێزەوەنتر دیاردەی کوشتنی ژنان لەسەر شتێك بە ناوی شەرەف،ئەو شەرەفەی بێجگە لە خودی ژن،خێزان و خزم دراوسێش لێی بەرپرسیارن، بە هەزاران ژن لەم ولأتە بوونە قوربانی وشەیەکی هەڵە ، ئەگەر لەم کوردستانە دزو گەندەڵ و ئەوانەی سامانی کوردستان بەفیرۆ دەدەن وئەوانەی خیانەت بە کوردستان دەکەن و پەیوەنیان بە میتی تورکی و ئیتلاعاتی ئێرانی و کۆنەبەعسی و جەماعەتی سالح متلەگەوە هەیە،ئەوانەی خیانەت بە  کار و کات دەکەن ، ئەوانەی دژی هەموو پێشکەوتنێکن لەم ولأتە، ئەوانەی رێز لە ئازادی خەڵك ناگرن ئەوانەی ماڤی کەسانی تر پێشێل دەکەن، ئەوانەی کاتژمێر 12 شەو بە هۆرنی ئۆتۆمبێل دراوسێکانیان ئازار دەدەن ،ئەوانەی شەقام و کۆلأنەکانی شار پیس دەکەن،  ئەوانەی خوێندن و لێخورینی ئۆتۆمبێل بۆ ژنان حەرام دەکەن، ئەوانە دەچنە خانەی بێشەرەفیەوە، ئەوانە لەسەر شەرەف بکوژرابان، نازانم چەند پیاو  لەم کوردستانە دەمایەوە؟

فەهیمە ، گیابەند، نێرگز، پاڵە، ودوعاو دوعاکانی تریش هێشتا دەکوژرێن و دەسووتێنرێن گۆمی خوێن بەرێوەیە،وئێمە ناتوانین پاریزەرێك بۆ مردووەکان دابین بکەین ،کە بە زیندوویی ناتوانین پاریزەریان بۆ دابنێن ، ژنی کورد ئەوندە بێئرادە کراوە ترسی لە هەموو شتێکە،  زۆر جار دوایی کوشتنی ئازارەکانی ئاشکرا دەکرێت ، بەلأم بەر لەمردنی نەیتوانیووە هیچ بلێت لە ترسی مێرد و باوك و برا و ئامۆزا.یاسایەکیش نییە بەرگریان لێبکات و ژیانێکیان لە دەرەوەی ئەم دۆزەخە  بۆ دابین بکات،

دەسەلأتی کوردی دوای راپەرین نەیتوانی ژیانی کۆمەلأیەتی کۆمەلگەی کوردستان بە شێوەیەکی تازە رێکبخاتەوە و یاسای غەسل عارەکەی سەدام هەر برەوی هەیە، بۆیە پیاوی کورد سڵی لە کوشتنی ژن نەکردەوە،  کاتێکیش یەکەم ژن کوژرا،هەمووومان بیدەگیمان هەلبژارد، بە بیانووی ئەوەی کیشەی خیزانییە، تاوەکو جڵەو لە دەست دەرچوو،بۆیە ئەو رێژەیە هەر ڕووی لە زیاد بوونە ، هاورێیەکم بۆی گێرامەوە  پیاوێك  کە ئەندامی حیزبێکە ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکەی، بەر پرسی ئەو حیزبە کە داوای ماف و ئازادی بۆ میلەتێك دەکات، وتوویەتی ئەمە کێشەی خێزانیە و ئێمە پەیوەندیمان پێوە نییە ، منیش بە و بەرپرسە بەرێزە دەڵێم،ئایا ئەو ژنە بەشێك نییە لە ئەندامانی ئەو کۆمەلگەی خەباتی بۆ دەکەی، ئەم نموونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە ئێمەی رۆشنبیرو سیاسەتمەدار هەمووومان بەرپرسیارین لەو گۆمی خوێنەی کە بە ناهەق دەرژێت،بەرپرسیارین لە کوشتنی هەرکەسێك لەم ولأتە، چونکە ئێمە نەمانتوانیوە پەیرەو پێوانەکانی کۆمەلگە بگۆرێن،ئەگەر کەسێك لە ئێمە ویستبێتی گۆرانکاری بکات هەرخۆمان بە شێوازێکی تر کوشتوومانە، هەوڵماندواە هێندە بە خراپی باسی بکەین، تا نەتوانێت جارێکی تر دەنگ هەڵبێنێ، ئەوە هەرخۆمانین سەدان سیناریۆ بۆ پەیوەندی هاوریانەو دۆستانەی نێوان کەسەکان دەدۆزینەوە دوای کوشتنیان چەند وتارێك دەنووسین لەبەر ئازاری ویژدانمان یان چەند کۆر و سیمینارێك دەگێرین هەروەك پیشەی هەمیشەیمان، چەنمان چووینە سەر شەقام کارمان کردە سەر شەقامی کوردی،  ئێمە بێهەلۆیست بووین بەرامبەر بەو تاوانانە، ئەوە ئەرکی ئێمە بوو کۆمەلگە بگۆرین، ئاسەواری بەعس بسرینەوە و ژیانێکی نوێ بەشێوازێکی سەردەمانە بە مەرجێ لەگەل پیشکەوتنەکانی دونیایی ئەمرۆ بگونجێ بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەین . کلتووری توندو تیژی بسرینەوە.

ئەوانەی کوژران سوتێنران دڵیان پر بوو لە خۆشەویستی، ئێمەی هەڵگری بیری عەشایەری و کلتووری توندو تیژی دڵ پر لە ڤین نەمانتوانی لێیان تێبگەین بۆیە هەمووومان تاوانبارین. دەبێت لەمەو دوا ببین بە پارێزەری مردووەکان و داوای لیبووردنیان لێبکەین.